ڕاگەیاندن...

# باخان کەمال
# قوربانیەکی تری سیستەمی دواکەووتوی خوێندن و توند وتیژی لە دژی منالان!

رۆژی 18-01-2007 لە قوتابخانەی دواناوەندی رزگاری کچان لە شاری سلیمانی ، لە کاتی تاقی کردنەوەدا {باخان کمال} خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی قۆپیەی لی ئەگیری وبە هۆی ئەمەوە لە لایەن مامۆستاکەیەوە پەلامار ئەدری و ئیهانەت و سوکایەتی پێدەکرێت ، وە لە نێو هاوپۆلەکانیدا حورمەتی ئەشکێندرێت و پیی رائەگەیەنن کە بە هۆی ئەم کارەیەوە لە قوتابخانە فەسل ئەکریت .

ئەم مامەڵە نادرست و هەڕەشەی فەصل کردنە وە لە هەمان کاتدا شکاندنی کەسێتی باخان لە لایەن مامۆستاکەیەوە، کاریگەریەکی زۆر خراپ لە سەر باخان دائەنیت و کاتی کە ئەگەریتەوە بۆ مالەوە لای خوشکەکەی باسی ئەوە ئەکات کە خۆی ئەسوتینی و ئیتر لە دوای ئەمە هەر لە مالی خۆیان ئاگر لە جەستەی ناسکی خۆی بەر ئەدات و95٪ ی جەستەی خۆی ئەسوتێنێت ، سەرەنجام لە رۆژی 22-01-2007 سەعات 10:30 سەر لە بەیانی گیان لە دەست ئەدات .

ئەمە چ سیستەم و چ جۆریك لە پەروەردەیە کە نامرۆڤانەودیکتاتۆر ئاسا مامەلەی خویندکارەکانی ئەکات و بێجگە لە زمانی توندوتیژی و شکاندن و سووکایەتی پێکردن ولیدان و سزادان و ...تاد، هیچی تر نازانیت .

سیستەمی پەروەردە و مەنهەجەکانی خویندنی ئەمرۆ لە کوردستاندا داهینراوی فاشی ترین و نائینسان ترین رژیمە و هی دەیان سال لەمەوبەرن ، بەکارهینانی توونD و تیژی وسزادان و ...تاد ، کە لە گەل خویندکاران ومنالاندا بەکار ئەهینری ،دەبی هەر ئەم جۆرە کارەساتانەی لی چاوەروان بکریت. هەر ماوەیەك لەمەو پیش بوو کە بەریوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولیر بە بەفەرمانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بریاری سزادانی منالانی گیرایەوە، ئاشکرایە کە بەم پێیە بەکار هێنانی توندوتیژی لای ئەوان لیدان و سووکایەتی و شکاندن و ....تاد ، ئەمە شیوازی دروستی ئەم پرۆسەیەیە بۆ پەروەردە کردن و مامەلە کردن لە تەك منالان وخویندکاراندا.

باخان کمال تەنها تاکە قوربانی ئەم سیستەمە دواکەوتووە و ئەم شیوازە نا ئینسانی و نارەوایە نیە لە کوردستان ، عادل ، ڤینوس ، هێمن نورەدین، قەهارو...تاد، ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکی ترو، چەند قوربانییەکی تری، پرۆسەی پەروەردەی و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو شێوازە نامرۆڤانەیەیە کە بەشێك لە مامۆستایان لە خوێندنگاکاندا لەتەك منالاٌندا بەکاری دەهێنن، کە لە ئەنجامی لیدان و سووکایەتی وئیهانەو شکاندنەوە ناچار بەوە کران کە دەست ببەن بۆ ئازیزترین شتێك کە لە دنیادا هەیانە، کە گیانیانە ، ئاگری تێبەردەن وکۆتایی بە ژیانی خۆیان بهینن .

ئایا بە راستی خۆسوتاندن و گیانلەدەستدانی باخانەکان و عادلەکان تا چەند هەستی کار بە دەستانی ئەم وولاتە ئەهەژینی و بە ئاگایان دینیتەوە لەوەی کە لە ژیر سایەی ئەم پەروەردەیە و ئەم شیوازە لە مامەلە و لیدانەدا ، دەیان وسەدان منالی چاو گەشی تر ئەبنە قوربانی ، ئایا تاکەی چاوەری بین ؟

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ویرای ئەوەی کە تووڕەیی و بیزاری زۆری خۆمان بەرامبەر بەم رووداوە دەردەبرین ، لە هەمان کاتدا نەفرەت دەکەین لەو سیستەم و شیوازی مامەڵەو پەروەردەیەی کە ئەم قوربانیەی لی

ئەکەویتەوە ،وە سەرەخۆشی خۆمان بە کەس و کاری باخانی ئازیز دەگەیەنین و لە دڵەوە بەشداری خەمیان ئەکەین ، لەم نێوەشدا پێش ئەوەی کە ئەو مامۆستایەی هەستاوە بە ناوزڕاندن و شکاندنی حورمەتی ئینسانی باخان لەم کارەساتە بەرپرس بێت ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کارەساتانە بەرپرسن، ئاشکرایە بڕیاری سزادان و توندوتیژی وەزارەتی پەروەردەیە کە ئەم کارەساتانەی لێدەکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا ئیمە دەمانەوێت ئەوە رابگەیەنین کە ئەم رووداوە ئەکەینە سەرەتای کەمپینێکی بەردەوام لە دژی بەکارهێنانی تووند و تیژی وئیهانەو سووکایەتی کردن بە منالان و بۆ فشار هێنان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بلە پێناوی لە ریشەوە گۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بۆ پرۆسەیەکی ئازادیخوازو پێشکەوتووی سەردەم، وە پاك کردنەوەی لە خورافەو توندو تیژی و مامەڵەی نامرۆڤانە، لە پێناوی پەروەردەیەکی دروست و ئایندەیەکی گەش بۆمناڵان و لاوانمان ، وە لە پێناوی پەروەردەکردنی نەوەیەکی ووشیارو مرۆڤدۆست بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردستان.

هەر لێرەشەوە داوا لە سەرجەم ریکخراوەکانی منالان  دەکەین کە بۆ بەرگرتن بەم رووداوانە و دووبارە نەبوونەوەیان  لە گەلمان بن و بزوتنەوەی بەرگریکردن لە مافەکانی منالان بەهێز بکەن.

## سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە عیراق

www.santarimnalan.com

2007-01-25